# فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بە نوێژکردن لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، ولێیان بدەن لەسەر نوێژنەکردن لە تەمەنی دە ساڵیدا، وجێگاکانیان جیا بکەنەوە

لە عەمرو کوڕی شوعەیب لە باوکیەوە ئەمیش لە باپیریەوە کە پێغەمبەری خودا -صلى الله عليه وسلم- دەفەرموێت: «فەرمان بە منداڵەکانتان بکەن بە نوێژکردن لە تەمەنی حەوت ساڵیدا، ولێیان بدەن لەسەر نوێژنەکردن لە تەمەنی دە ساڵیدا، وجێگاکانیان جیا بکەنەوە».

[حەسەن - باش)] [(أبو داود) ڕیوایەتی کردووە)]

پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- ڕوونیکردەوە کە دەبێت باوك فەرمان بە منداڵەکانی بکات -بە کوڕ وکچ- بە نوێژکردن لەکاتێکدا تەمەنیان حەوت ساڵە، وچۆنیەتی نوێژ ئەنجامدانیان فێر بکات. وئەگەر گەیشتنە دە ساڵی ؛ دەبێت زیاتر فەرمانیان پێبکات، ولێیان بدات لەسەر کەمتەرخەمی لە نوێژکردندا، وهەروەها دەبێت جێگایانیان لە یەکتر جیا بکاتەوە.

https://www.sunnah.global/hadeeth/ku/show/5272

النجاة الخيرية
ALNAJAT CHARITY
لجنة الدعوة الإلكترونية
EDC E-Da'wah Committee